# گۆزەریك بەنێو خەمەكانی قوربانیانی تەڵاقدا

كنیر عەبدوڵڵا



گەر بەدرێژایی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی لەو ساتەوەی مرۆڤ لەسەرەتاییترین قۆناغی ژیانەوە گۆڕا بۆ ژیانی وابەستەبوون بەپەروەردەكرن و ژن و ماڵ و خێزانەوە وردبینەوە، بێگومان مەحاڵە بەشێوەیەكی دروست و گونجاو بگەینە ئامارێكی تەواو سەبارەت بە ئەژماردكردنی قوربانییەكانی تەڵاق و جیابوونەوە لە نێوان ژن و پیاودا، هەروەك چۆن چەندین هۆكاری وەك جەنگ و شەڕی جیهانیی بونەتە هۆی لەدەستدانی قوربانییان، تەڵاقیش هەروەك جەنگ بەدوای خۆیەوە چەندین مرۆڤی دیكە سەرلیشێواو و سەرگەردان دەكات جگە لە كاریگەریتی لەسەر خیزان و كۆمەل.. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر گەر مندال بخەینە ژێر وردبین و مایكروسكۆپی ویژدانەوە كاریگەریی ئەو كاردانەوەیە زۆر ستەمتر دەبیت و ئاسەواری لە گشت قۆناغەكانی گەشەكردنیدا رەنگدانەوەی لەسەر كەسایەتی و باری دەروونی ئەو منداله بەدەردەكەویت. بۆ وردبوونەوەی قولتری ئەم باسەو دەرخستنی رادەی كاریگەریتی تەڵاق لەسەر كەسایەتی و هزری منداڵ بەپیویستمزانی بەدەر لە دیدو ناخی منداڵان ئاشنابین بە راوبۆچوونی پسپۆران لە تویژەرەوەو پزیشكی دەروونی و مافناسەوە لە چوارچیوەی چەندین پرسیاری وەك: ئایا جیابوونەوەی دایك و باوك تاچەند زەرەرمەندو كاریگەریی لەسەر كەسایەتی منداڵ هەیە؟ یاخود جیاوازی لەنیوان مندالی خیزانیكی لیكدابراو و مندالیكی ئاساییدا چۆنە؟ قۆناغی هەرزەكاریی ترسناكترین قۆناغە بۆ مندال، تاچەند لیكدابرانی دایكوباوك رەنگدانەوەی لەسەر ژیانی دەبێت؟

***ئەژین محەمەد رەشید- توێژەری كۆمەڵایەتی (لانەی منداڵان)**

-نكۆڵی لەوەدا نییە كە جیابوونەوەی دایك و باوك كاریگەریی خراپی هەیە لەسەر منداڵ و دەبیتەهۆی شیواندنی باری دەروونیی كە هەست بەبوونی خۆی ناكات، جگە لەوەی بەردەوام ژیانی لە دلەڕاوكێ و نائارامییدا دەگوزەرینیت و لە ئەنجامدا كەسیتییەكی نامۆو لاوازی لی بەدەردەكەویت و دووچاری كۆمەلیك لاوازیی كۆمەڵایەتی دەبیت بەهۆی دووركەوتنەوەی لە ئامۆژگاریی و پەروەردەی دروستی ناو خیزان.. بیگومان مندال لە خیزانیكی لیكدابراودا هەست بەبێ سۆزیی و بێ لانەیی دەكات جگە لەكەموكوڕیی لە پڕكردنەوەی پیداویستییەكانی ژیانی رۆژانەیدا، بۆیە زیاتر ئەو منداڵانە دووچاری خەمۆكی دەبنەوە كە بەهۆی چەندین هۆكاری وەك خەفەكردن و شاردنەوەی راستیی ناخی خۆیان یاخود نەڕەخساندنی بواری گونجاو لەلایەن دەوروبەرەوە، هەربۆیە پێویستە لەوكاتانەدا سەرقاڵ بكرێن و بایەخیان پێبدرێت و بواریان بۆ بڕەخسێت بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزووەكانیان، قۆناغی هەرزەكارییش بەپێی ئەوەی قۆناغێكی ناسك و تایبەتە بەدەر لە قۆناغەكانی دیكە، ئەوجۆرە خێزانە لێكهەڵوەشاوانە ڕەنگدانەوەی سلبی دەبێت لەسەر ژیانی منداڵ كە تووشی لادانی كۆمەڵایەتی و رووبەڕووی كۆمەڵێك كێشەی دەروونیی و بەربەست دەبن بەهۆی ئەوەی كە لە توانایاندا نابێت زاڵ بن بەسەریاندا، بۆیە لەدەرەنجامدا هەندێك جار خۆیان لە چاكسازیی زیندان و هەندێ شوێنیتردا دەبیننەوە. لێرەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێت كە نەبوونی خێزانی دروست دەبێتەهۆی ناجێگیریی منداڵ لە گشت قۆناغەكاندا.

***مهاباد محەمەد رەزا- توێژەری كۆمەڵایەتی:**

-جیابوونەوەی دایك و باوك لە زۆر بواردا كاریگەریی لەسەر ژیانی منداڵ بە دەردەكەوێت و بێگومان هەست بە جیاوازی ژیانی خۆی دەكات بەرامبەر بە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی، لەوانە، لە رووی جەستەییەوە منداڵێكی تێكشكاو دەبێت و هەمیشە هەست بە ناسەقامگیریی و دڵنیانەبوون دەكات و هەوڵی كاركردن و پشت بەخۆبەستن دەدات، جگە لەوەی خەسڵەتی (درۆ كردن) لەگەڵیدا گەورە دەبێت بەهۆی دوركەوتنەوەیان لە سۆزو خۆشەویستی دایك و باوك چونكە هەمیشە لە دڵەڕاوكێی ئەوەدایە كە كێیان خاوەن هەق بن، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە زیاتر لە بیركردنەوەی بەردەوام فراواندا دەژین و هەلسوكەوتیان زۆر نائاسایی دەبیت و تیكەلی هەموو جۆرە كەسیك نابن، چونكە هەست بە كەمیی دەكەن لە ناخیاندا، ئەمە جگە لەوەی لە رووی جەستەییەوە هیچ روالەتیكی پەروەردەیی و دروستیان لەسەر دەرناكەویت، بیگومان هەموو ئەوانەش دەرئەنجامی ئەو واقیعە تالەیە كە دووچاریان دەبیتەوە بیئەوەی هیچ تاوانیكیان هەبیت. لایەنیكی دیكەی بابەتەكە ئەوەیە كە جیاوازیی زۆر هەیە لە نیوان مندالی خیزانیكی لیكدابراوو مندالیكی ئاساییدا، لەوانە بیبەش بوونیان لە سۆزو خۆشەویستی و لاوازیی و تیكچوونی پەیوەندییان لە نیوان تاكەكانی خیزانداو بروانەبوون بە كەسانی دەروبەرو تەنانەت خودی خۆشی.. هەموو ئەو خەسلەتانەش لە ئەنجامدا گرییەكی دەروونی لە ناخیاندا دروستدەكات سەبارەت بە دایك و باوك و دەوروبەر یاخود تووشبوونیان بە نەخۆشی دەروونیی وەك خەمۆكی كە بەهۆیەوە زۆرجار منداڵەكە

دووچاری گۆشەگیریی و بێزاریی دەبێتەوە، بۆیە باشترین خۆپاراستن و هەوڵدان لەوکاتانەدا ئەوەیە کە نەهێڵرێ ئەو منداڵە بەردەوام لە بیرکردنەوەدا بژی و هەوڵی ڕێنمایی بدرێ ولەلایەن دەوروبەرەوە چاودێریی بکرێت. دیارە منداڵ لە قۆناغی هەرزەکاریدا زیاتر هەست بەبوونی خۆی دەکات و ئەگەرچی ئارەزووی زۆری بۆ لاساییکردنەوە هەیەو حەز بە خۆدەرخستن و گەورەبوون و زاڵبوون دەکات، هەربۆیە لێکدابڕانی دایك و باوك کەلێنێکی گەورە دەبێت بۆ سەر ژیانی.

***د.جەمال عومەر، پزیشکی دەروونی:**

گومانی تێدا نییە کە دایك و باوك وەك قەڵغانێك یاخود وەك کیسێك دەوروپشتی منداڵیان داوە و دەیپارێزن و هەوڵی کەمکردنەوەی گشت ئەو کێشانە دەدەن ڕووبەڕووی ژیانیان دەبێتەوە کە گرنگترینیان کێشەی دەروونییە، بۆیە لە حاڵەتی پێکەوەنەبوونی دایك و باوکدا بەتەنها منداڵەکان هەڵگری ئەوبارە قورسە دەبن، لەبەرئەوە لێرەوە جەخت لەوە دەکەمەوە کە یەکێك لە گرنگترین هۆکارە نەخۆشییەکانی دەروونیی جیابوونەوەی دایك و باوکە، چونکە منداڵ گەر نەشتوانێ گوزارشت لە دیدو سەرنجی خۆی بکات، خاوەن هەستێکی ناسک و هەرگیز شتیان لەبیر ناچێت. هەر بۆیە بەردەوام ئەو منداڵانە هەست بەکەموکورتی دەکەن و کە گەورەش دەبن کەسایەتییەکی کاملیان لێدەرناچێت و هەمیشە دووچاری دڵەڕاوکێ دەبن و خوراگر نابن لە ئاستی مەسەلەکانداو بێگومان کاریگەریی دەروونیی زیاتر لە سەریان دەردەکەوێت وەك لە منداڵیکی ئاساییدا بۆیە پێویستە بایەخی زیاتر بە منداڵان بدرێت، چونکە ئەوەی دواڕۆژن و پێویستییان بە تەندروستییەکی دروست هەیە، تەندروستی دروستیش لە دەروونەوە دەست پێدەکات و دەروونیش لە سۆزەوە، بۆیە گەر منداڵ سۆزێکی ڕاستەقینەی نەدرێتێ و هەست بە دڵنیایی نەکات، بەشێوەیەکی سروشتی لە قۆناغەکانی ژیانیدا گەشەناکات.

***تەلار لەتیف- پارێزەر:**

-ڕاستە لە ڕووی یاساییەوە منداڵ بۆ دایکە گەر مەرجەکانی حەزانەی تێدابێت، بەڵام لە کۆمەڵی ئێمەدا زۆرجار بارودۆخی ژنان ڕێگر دەبێت لە بەردەمیاندا کە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بگرن، جگە لەوەی زۆرجاریش بەهۆی داوای بینینی منداڵەوە، منداڵ دەبێتە داردەستێك بۆ تۆڵەسەندنەوەی یەکێکیان لەوی ئەوی تریان، چونکە لەو کاتەدا فێری زۆر هەڵسوکەوتی ناشیاو دەکرێن و ڕق وکینەی زیاتر لە ناخیاندا دەچەسپێنن کە ئەمەش بۆ خۆی کاریگەریکی سلبی دەروونیی زیاتر دەخاتەسەر کەسێتی منداڵەکە، جگە لەوەی زۆرجار بەرەو لادانیان دەبات یاخود هەندێ جاریش ئەو منداڵە بێتاوانانە دەبنە تاوانبارێکی پاشەڕۆژ بەهۆی بێ سەرپەرشتیاریتی تەواو پەروەردەنەکردنی دروستەوە، چونکە زۆرجار منداڵ درك بە مەترسیتی ئەو هەڵەیە ناکات کە کردوویەتی و بەپێی یاسا تاوانە، بەوشێوەیەش دووجار حوکم دەدرێت، جارێك لە دادگاو جارێکی دیکە لە چاوی کۆمەڵەوە کە زۆرجار حوکمی دادگا بەبەزەییتر دەبێت، چونکە دادگا پاش لێکۆڵینەوە بۆ کەمکردنەوەی تاوانەکە حوکمی دەدات، بەڵام چاوی کۆمەڵ بێ بەزەییانەیە و دوور لە لێکۆڵینەوە بڕیار دەدات.

## چەند نموونەیەکی قوربانییانی تەڵاق

*ئەمەش چەند نموونەیەکی منداڵانی قوربانییانی تەڵاقن:

(شیلان) تەمەنی 10 ساڵ بوو کە دایك و باوکی پاش (18) ساڵ ژیانی هاوبەش کۆتایی بە ژیانی هاوسەریتییان هات و ئێستا شیلان تەمەنی 27 ساڵەو لەگەڵ دایکی دەژی و دەڵێ: **"ئەوکاتەی هەستمکرد دایك و باوکم دەیانەوێت لێك جیابنەوە ناخۆشترین هەست و کاریگەرترین هەواڵ بوو بەلامەوە، سەرەتا ماوەیەك لای باوکم و ماوەیەك لای دایکم دەبووم، هەردووکیانم خۆشدەویست و ئەمویست لەگەڵ هەردووکیاندا بژیم ئەگەرچی هەستم بە ناسەقامگیریی و سەرلێشێواوی دەکرد، پاش ئەوەی باوکم ژنێکی تری هێنا ناچاربووم بەیەکجاری بگەڕێمەوە بۆ لای دایکم، ئێستاش خوازبێنیکارم هەیە کە شووبکەم، بەڵام تا ئەم قۆناغەی ژیانم هەست بە کاریگەریتی لێکترازانی دایك و باوکم دەکەم و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانم دیارە".**

*(بەختیار) هێشتا (3ساڵ) بوو کە دایك و باوکی لێك جیابوونەوە، ئێستا کوڕێکی (13 ساڵانە)و لەگەڵ باوکی دەژی، دایکی شووی کردۆتەوەو خاوەنی منداڵیکە.

بەختیار دەڵێ: **"من هیچ هەستم بە ژیانێك نەکردووە لە ماڵیکدا هەم دایك و هەم باوکی تێدابێت.. ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟**

هەروەها دەڵێ: **"ئەوەتەی دایکم شووی کردۆتەوە نەهاتووە بمبینێ، منیش جار جارە دەچم بۆ لای، بەڵام هەرگیز هەست بە حەوانەوە ناکەم، لە پۆلەکەماندا تەنها کەس بووم کە دایك و باوکی لێك جیابوبێتەوە، بۆیە هەمیشە هەستم بە جودایی دەکرد، زۆرجار بە خەیاڵ و ئەندێشەی ئەوەوە دەبم کە گەر دایك و باوکم وەك دوو هاوسەری خۆشەویست ژیانیان بگوزەراندایە بێگومان ژیانێکی باشترم دەبوو.. من ئەوەندە دەڵێم کە دەیانزانی پێکەوە ژیانیان مەحاڵ دەبێت بۆ هێشتیان منداڵیان ببێت و زووتر لێك جیانەبوونەوەو تاوانی من چییە..؟!".**

*(نەخشین) تەمەنی (9ساڵ) بوو کە دایك و باوکی جیابوونەوە، ئێستا کچێکی تەمەن (16) ساڵانەو لەگەڵ دایکی دەژی و خوێندکاری پۆلی دووەمی ناوەندییە.

دەڵێ: **"دیمەنی ئەو ڕۆژەی تەمەنم ناخۆشترین و تاڵترین ڕۆژانی ژیانم بوو کە تائێستاش کاریگەریتی لە ناخمدا پەنگی خواردۆتەوەو بۆتە هۆی دواکەوتنی (2) ساڵم لە خوێندن.. ئێستاش هەست بە تەنیایی دەکەم، بەردەوام هەستم بە ناکۆکی و نەگونجانیان دەکردو هەمیشە لە گرفت و فرمێسکی چاوی دایکمەوە ژیانم دەبینی، بەڵام لەگەڵ گشت ئەو ڕەفتارو یادەوەری و ناخۆشیانەی باوکم دەرهەق بە دایکم هەیبوو زۆرجار هەست بە بۆشایی بێ باوکیتی دەکەم، بەڵام نامەوێت لای دایکم باسی بکەم، چونکە نامەوێت بەبیرهێنانەوەی ڕابردوو هێندەیتر وەزعی خراپتر بکەم".**

*(ڕامیار) تەمەنی (20ساڵ) بوو، چەند مانگێکە دایك و باوکی لێك جیابوونەتەوە، هەردووکیان ئامۆزای یەکتر بوون، ڕامیار دەڵێ: **"هەست بە شەرم دەکەم، نیگەرانم بەوەی پاش (40) ساڵ پێکەوەژیان پەیوەندییان کۆتایی پێبێت، سەرگەردانم لە نێوەندی هەردووکیانداو نازانم چۆن ئستقرار بکەم، بۆیە بەردەوامم لە هەوڵدان بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای یەکتری و لێکتێگەیشتنی زیاتر لە کێشەکانیان بۆ ئەوەی من و خوشك و براکەم نەبینە قوربانیی..".**

***شیلان:**
**"ئەوکاتەی هەستمکرد دایك و باوکم دەیانەوێت لێك جیابنەوە ناخۆشترین هەست و کاریگەرترین هەواڵ بوو بەلامەوە**

***بەختیار:**
**من هیچ هەستم بە ژیانێك نەکردووە لە ماڵیکدا هەم دایك و هەم باوکی تێدابێت..**

***نەخشین:**
**لەگەڵ گشت ئەو ڕەفتارو یادەوەری و ناخۆشیانەی باوکم دەرهەق بە دایکم هەیبوو زۆرجار هەست بە بۆشایی بێ باوکیتی دەکەم، بەڵام نامەوێت لای دایکم باسی بکەم**

***ڕامیار:**
**سەرگەردانم لە نێوەندی هەردووکیانداو نازانم چۆن ئستقرار بکەم**